

# لە وێستگەی شەمەندەفەر

**هێرتا مۆلەر**
**بۆ فارسی: فاتمە عەلی نەژاد**
**بۆ کوردی: جەبار سابیر**

شەمەندەفەرەکە لە وێستگەکەوە کەوتەڕێ. خێزانەکان بە دوایدا رایاندەکردو بە راوەشاندنی دەست ماڵئاواییان لە ئازیزانیان دەکرد.

کابرایەکی جاحێل لە پشت یەکێک لە پەنجەرەکانی شەمەندەفەرەکەوە وەستابوو. شووشەی پەنجەرەکە دەگەیشتە ژێر شانەکانی. چەپکە گوڵێکی پەژموردەی سپی لە سنگی شەتەک دابوو. نیگای سارد و بێ گیان بوو.

ژنێکی قەمبور دەستی منداڵەکەی گرتبوو و بەرەو دەرەوەی وێستگەکەی دەبرد. شەمەندەفەرەکە بەرەو مەیدانی جەنگ دەچوو. تەلەفزیۆنەکەم کوژاندەوە.

باوکم لە تابووتێکدا لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا راکشابوو. دیواری ژوورەکە پڕبوو لە وێنەو تابلۆ. بە جۆرێک کە ئەسڵەن دیوارەکە نەدەبینرا.

لە یەکێک لە وێنەکاندا بابە تا کەمەر بەسەر کورسییەکەدا دانەویبووەوە...

وێنەیەکی تر بابەی لە جلی زاواییدا پیشان دەدا. هەڵبەتە تەنها دەکرا تا نیوەی سنگی لە وێنەکەدا ببینی. لە بەشێکی تری هەمان وێنەدا، وێنەی دایە بە چەپکە گوڵێکی سپی پەژموردەوە دەبینرا. لە وێنەکەدا سەریان لە تەنیشت یەکەوە بوو. ئەوەندە لێک نزیک وەستابوون، کە نەرمایی گوێیان بە یەکەوە لکابوو.

لە وێنەی دواتردا بابە شەق و رەق لە پشت حەسارێکەوە وەستابوو. بەفر تا سەر چەکمەکانی داپۆشیبوو. بەفرەکە ئەوەندە سپی بوو، وەک بڵێی بابە لە بۆشاییدا وەستابوو. بابە لە وێنەکەدا دەستەکانی بە حاڵەتی رێزی نیزامی تا بان سەری هێنابوو.

لە وێنەکەی تەنیشتدا بابە بێڵێکی خستبووە سەر شانی. لە دوایەوە لاسکە گەنمەشامییەکی زۆر بەرز هەبوو. بابە کڵاوێکی لەسەردابوو کە سێبەرێکی گەورەی چێکردبوو و تەواوی دەموچاوی داپۆشیبوو.

لە وێنەیەکی تردا بابە لە پشت فرمانی گەڵابەیەکەوە دانیشتبوو. گەڵابەکە پڕ بوو لە گا. بابە هەموو هەفتەیەک گای دەبرد بۆ قەسابخانەکانی شار. لەم وێنەیەدا سیمای بابە لاواز بوو و حاڵەتێکی سارد و جدیی هەبوو.

لە هەموو وێنەکاندا نیگای بابە بێ گیان بوو و جۆریک سەیری دەکرد کە چما هەرگیز نازانێ دەیەوی چی بکات. بەڵام لە راستیدا بابە هەمیشە دەیزانی دەیەوێ چی بکات. لەبەر ئەمەیش من هەستم دەکرد ئەو وێنانە هەموو شتێک ئاوەژوو پیشان دەدەن! هەموو ئەوانە وێنەگەلی درۆیینە بوون کە کەشی ژوورەکەیان سارد دەردەخست.

من دەمویست لە سەر کورسییەکەم هەستم، بەڵام وەک بڵێی جلەکانم وەک تەختە وشک بووبوو و بە کورسییەکەوە لکابوون. جلێکی ناسک و رەشم لەبەردابوو. بە هەر لایەکدا دەسووڕام دەنگی تەقوتۆق دەهات. هەستام و بەرەو لای بابە رۆیشتم. دەستم بە تەوێڵیدا هێنا. تەوێڵی بابە لە کەلوپەلی ناو ژوورەکە ساردتر بوو!

لە دەرەوەی ژوورەکە هەوا گەرم بوو. هاوین بوو. مێشەکان لە هەوادا فڕکوڕیان دەکرد. جادەیەکی لمینی پڕ لە چەوی قاوەیی بە درێژایی گوندەکە هەبوو. چاو لە بینینی ڕووناکی حەپەسێنەری پەرچدانەوەی چەوەکە،ماندوو دەبوو. لە کۆتایی جادەکەدا گۆڕستانێکی بەردین هەبوو. سەر گۆڕەکانیان بە بەردی بۆلدەر داپۆشیبوو. سەیری بەری خوارەوەو زەوییەکەم کرد. بنی پێڵاوەکانم تەواو سوابوو و من بە درێژایی ماوەکە لەسەر قەیتانی پێڵاوەکانم دەڕۆیشتم. کلکەی قەیتانی پێڵاوەکانم کە درێژ و قورسیش بووبوون، لە دوامەوە لە سەر زەوییەکە دەکشان.

دوو پیاوی کورتەباڵا بە قیافەی سەیرەوە تابووتەکەیان بەرزکردەوە و بە دوو گوریسی دڕاو و رزیو لە ئۆتۆمبیلە جەنازە هەڵگرەکە دایانگرت

## دەق

و خستیانە گۆڕەکەوە. تابووتەکە زۆر قورس بوو. دەستەکانی ئەو دوو کەسە هاوڕێ لەگەڵ گوریسەکان سات دوای سات زیاتر دەکشان. لەگەڵ ئەوەی کە هەموو جێیەک وشک بوو و سەربازی وشکەساڵی گۆڕەکە پڕبووبوو لە ئاو.
یەکێک لەو پیاوە کورتەبنانەی کە تەواو سەرخۆش بووبوو، وتی: باوکی تۆ خەڵکی زۆری کوشت.
منیش وتم: چاکە ئەوە لە جەنگدا بوو و بەهۆی هەر یەک لەو بیست و چەند کەسەی کە کوشتبووی مەدالیایەکیان پێدابوو. ئەو دوای جەنگ دەیان مەدالیای هێنایەوە ماڵێ.
کابرای کورتەبنە وتی: ئەو تەنانەت رەحمی بە ژنێکیش نەکرد کە لە مەزرایەکی شیلمدا بوو و ئازاری دا. ئێمە پێکەوەبووین. هاوڕێ لەگەڵ چوار سەربازی تر. کاتێک کە ئیتر دەمانویست ئەوێ جێبهێڵین، ئەو ژنە کە خەڵکی رووسیابوو شەلاڵی خوێن بووبوو. تا چەند هەفتەیەک دوای رووداوەکەیش ئیمە نەمانتوانی لەبیری ببەینەوەو هێشتا لە زەینی هەمووماندا مابووەوە.
کابرای کورتەبنە درێژەی دایە: پێم وایە دوادواییەکانی پاییز بوو. گەڵای داران لە سەرماو سەهۆڵبەنداندا رەش و بەستوو ببوون. دوای تەواوبوونی قسەکانی بەردێکی گەورەی خستە سەر تابووتەکە.
کابرایەکی سەرخۆشی تر، کە ئەویش هەر کورتەبنەبوو، لە بەردەوامیدا وتی: بۆ ساڵی نوێ ئێمە چووین بۆ ئۆپێرایەک لە یەکێک لە شارە چکۆلەکانی ئەڵمانیا. دەنگی گۆرانیبێژی ئۆپێرا وەک قیژەی هەمان ژنی رووسی گوێکەڕکەر بوو. هەمووومان یەک دوای یەک هۆڵەکەمان جێهێشت. بەڵام باوکی تۆ تا کۆتایی ئۆپێراکە لە هەمان جێ مایەوە. ئێمە تا چەند هەفتەیەک دوای ئەو شەوەیش هەر کە گۆرانییەکمان دەبیست، دیسان دەکەوتینە بیری ئەو ژنەی لە کێڵگەی شێلمەکەدابوو.
کابرای مەست لەو شەرابەی خواردەوە کە لەسەر مێزەکەبوو. دەنگی قۆڕەقۆڕێکی سەیر لە ورگی بەرزبووەوە...
دوای ئەوە ئەویش تاشەبەردێکی گەورەی هەڵگرت و خستییە سەر تابووتەکە.
پیاوێک کە سەری قسەی لە ناشتنی تەرمەکەدا کردبووەوە و لە تەنیشت خاچێکی مەڕمەڕی سپییەوە وەستابوو، بەرەو من هات. هەر دوو دەستی لە گیرفانی پاڵتۆکەیدا بوو. ئەو لقێکی گوڵەباخی بە هێندەی لەپە دەستێک خستبووە کونی قۆپچەی پاڵتۆکەیەوە. گوڵێکی ناسک بوو. گاڤێک گەیشتە ئاست من دەستەکانی لە گیرفانی دەرهێنا کە حاڵەتی مشتیان هەبوو. دەیویست دەستەکانی بکاتەوە، بەڵام نەیدەتوانی. ئازارێک لە چاویدا دەبینرا. رۆندک لە چاوەکانیدا کۆبووەوە.
ئەو وتی: تۆ ناتوانی لە شەڕدا لە پەنا هاونیشتمانییەکانتدا بیت. ناتوانیت فەرمانیان بدەیتێ...
پاشان بەردێکی گەورەی خستە سەر تابووتەکە.
دواتر پیاوێکی قەڵەو هات و لە تەنیشت ئەوەوە وەستا. سەری ئەو چەشنی لوولەیەکی بێ دەموچاو بوو. ئەو وتی:  باوکی تۆ ساڵانێک باجی لە من دەسەند. کاتێک سەرخۆش دەبووم ئەو پارەکانی دەدزیم. دوای وتنی ئەم قسانە لە سەر بەردێک دانیشت. پیرێژنێکی لاواز و چەماوە بەرەو من هات. لە سەر زەوییەکە دانیشت و کەوتنە جنێودان و نەفرینی من.

ئاپۆرایەک کە بۆ ناشتنی تەرمەکە هاتبوون لە بەرەکەی تری گۆڕستانەکە وەستابوون. هەستم بە سووکی دەکرد. تەواو ترسابوو و حەپەسابووم. پێم وابوو ئەوان ئاگایان لە ناخی منە. هەموو نیگاکان رووەو من بوون. هەموو بە ساری سەیری منیان دەکرد. چما چاوەکانیان لە قەپیلک دەرهاتبوو و هیچ هەستێک لە نیگایاندا نەبوو. پیاوەکان تابووتەکەیان لەسەر شانیان دەبرد و ژنەکان تەسبیحەکاینان رادەوەشاند و دەنگیان لێ دروست دەکردن.

واعزێک کە رێورەسمی ناشتنی تەرمەکەی بەڕێوەدەبرد لقە گوڵەباخێکی هەڵگرت و پەڕە گوڵەکانی پەڕپەڕکرد کە وەک خوێن سووربوو...

ئەو بەدەستەکانی ئاماژەی دایە من و منیش تێگەیشتم کە ئێستا ئیتر کاتی قسەکردنی من هاتووە. هەموو چاوەکان لە سەر من بوون. بەڵام من تەنانەت یەک وشەیشم بۆ وتن لە زەیندا نەبوو. هەستم دەکرد خەریکە چاوەکانم لە سەرمەوە دێنە ئەوکمەوە! دەستم خستە سەر زارم و کەوتمە جووینی قامکەکانم. جۆریک کە دەکرا جێگەی ددانەکانم لە پشتی دەستمدا ببینی. وەک بڵێی ددانەکانم گەرم ببوون. هەستم دەکرد خوێن لە ئازای ئەندامدا رادەکات.

جلەکانم لە توندیی باکەدا شەپۆلی دەدا. قۆڵی کراسەکەم درا.. دنیا تاریک و تنۆک بووبوو.

کابرایەک پاڵی دابووەوە بە بەردێکی گەورەوەو خۆی دابوو بەسەر گۆچانەکەیدا. ئەو بە تفەنگەکەی قۆڵی کراسەکەمی کردە نیشانە کە لە هەواکەدابوو و تەقەی کرد. کاتێک قۆڵی کراسەکە کەوتە بەرپێی من و سەر زەوییەکە، پڕبوو لە خوێن.. هەموو ئەو کەسانەی لەوێ بوون چەپڵەیان بۆ لێداو هانیان دا.

دەستم رووت بووبوو. هەستم دەکرد دەستم ئیفلیج بووەو وەک پارچە بەردێک لە هەوادا ماوەتەوە.

واعزەکە دەستی بە نیشانەیەک راوەشاند و هاندانەکان وەستان.

ئەو وتی: ئێمە شانازی بە کۆمەڵەیەکەوە دەکەین کە گردمان کردووەتەوە. کامەرانی و سەرکەوتنمان لە لەناوچوون و فەوتان دەمانپارێزێت. ئێمە رێگە نادەین سووکایەتیمان پێبکرێت. لێناگەڕێین سووکمان بکەن و تۆمەتمان بخەنە پاڵ. بە ناوی کۆمەڵگەی ئەڵمانییەوە تۆ مەحکومی بە مەرگ.

هەموویان تفەنگەکانیان رووەو من کردە نیشانە. دەنگێکی ترسناک و گوێکەڕکەر لە سەرمدا دەنگی دایەوە. هەستی رووخانێکم هەبوو کە قەت ناگاتە زەوی. وەک بڵێی لە هەوادا هەڵواسرابووم. وەک ئەوەی کە بەسەر سەری ئەوانەوە لە هەواکەدا هەڵواسرابووم.

بە ئارامی پاڵم بە دەرگایەکەوە نا تا بکرێتەوە. دایکم کارەبای هەموو ژوورەکانی داگیرساندبوو. مێزێکی گەورە لەو ژوورەدا هەبوو کە جەنازەیەکی لەسەر بوو. ئەو مێزە لە مێزێکی قەسابی دەچوو. قاپێکی سپیی بەتاڵ و گوڵدانێکی بە چەپکە گوڵێکی سپیی پەژموردەوە لەسەر بوو.

دایکم جلێکی رەشی ناسکی لەبەرکردبوو. چەقۆیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو و لە بەردەم ئاوێنەکەدا وەستابوو. بەو چەقۆ گەورەیە کڵاوقژە پڕە خۆڵەمێشییەکەی دەبڕی. ئەو مووە بڕاوەکانی بەهەر دوو دەستی گرت و بەرەو مێزەکەی برد و یەکسەر لەسەر مێزەکە داینا.

دایکم وتی: من تا کۆتایی ژیان بە رەشپۆشی



هێرتا مۆلەر ١٧ی ئابی ١٩٥٣ لە بنەماڵەیەکی کەمینەی رۆمانیا لەدایك بووە. ساڵی ١٩٨٢ بەهۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانە و سەرکوتکەرانەی «چاوچیسکۆ»وە ناچار بووە رۆمانیا جێبێڵێ و رووی کردووەتە وڵاتی ئەڵمانیا. مۆلەر خاوەنی کۆمەڵێك رۆمان و کورتە چیرۆکە، هەروەها چەندین خەڵاتی جیهانیی پێ بەخشراوە، لە هەموویان گرنگتر خەڵاتی نۆبڵێ ئەدەبە، کە ساڵی ٢٠٠٩ پێی بەخشرا.

دەمێنمەوە. سەرە کڵاوقژەکەی ئاگر تێبەردا. ئاگر گەیشتە سەرەکەی تری مووەکان کە لەسەر مێزەکە بوو. مووەکان وەک پڵیتەی دینامیتێک کەوتنە سووتان. ئاگرەکە بەرەو پێش دەچوو و بە چڵێسییەوە مووەکانی هەڵدەلووشی و دەیماشینەوە.

ئەو وتی: لە رووسیا ئەوان سەریان تاشیم و ئەمە سووکترین سزایان بوو. من لە برسا لارولەوێر دەرۆیشتم. گاڤێک شەو داهات من گەیشتبوومە کێڵگەی شێلمەکە. بە سکەخشکێ بەرەو پێش دەچووم. پاسەوانێکی تفەنگ بە دەست لەوێ بوون کە گەر منی دەبینی تەقەی لێدەکردم و دەیکوشتم. کێڵگەکە وشک و برینگ بووبوو. کۆتایی پاییز بوو و گەڵای شێلمەکە لە سەرما رەش و پەژموردە بووبوو.

ئیتر باش دایکم نەدەبینی. هێشتا قژی دەسووتا. ژوورەکە پڕبووبوو لە دووکەڵ.

دایکم وتی: ئەوان دەتکوژن. من و دایە بە زەحمەت یەکتریمان دەبینی. دووکەڵێکی زۆر بۆشایی ژوورەکەی داپۆشیبوو. من دەنگی پێیم دەبیست کە لە من نزیک دەبووەوە. دەستەکانم درێژ کرد و بە پەلەکوتێ بەرەو رووی چووم. کتوپڕ بە دەستە ئێسکنەکانی چنگی لە قژم گیرکرد و قژمی ئاڵۆزکاند. لە ترسا هاوارم کرد.

کتوپڕ چاوەکانم کردەوە. ژوورەکە بە دەوری سەرمدا دەخولایەوە. من لە ئەڵقەیەک لە گوڵی سپیدا راکشابووم. وەک بڵێی لەناو ئەو گوڵانەدا زیندانی بووم. هەستم دەکرد بینای خانووەکە ئاوەژووبووەو هەموو ئەو شتانەی لە ناویدان بەرەو زەوی سەرەولێژبوونەتەوە.

کاتژمێرە کۆککراوەکەم زەنگی لێدەدا. کاتژمێر پێنج و نیوی شەممە بوو.

www.jenopari.com/article.aspx?id=۱۷۳۰

